## بۆ / بەرێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان
## بابەت / راپۆرتی لیژنە.

دوا بەدوای كۆبوونەوەكانی لیژنەكەمان لە (٢٠/٥/٢٠١٢، ٢٢/٥/٢٠١٢)، كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ٢٣/٥/٢٠١٢، لیژنە بە ئامادەبونی سەرۆك و جێگرو ئەندامانی كۆبوەوە بە مەبەستی ئامادە كردنی راپۆرتی لیژنە دەربارەی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان ـ عیراق ساڵی ٢٠١٢ و موازەنەی حكومەت و بودجەی پرۆژە پێشنیار كراوەكان.

**پاش گفتوگۆیەكی چڕو تێرو تەسەل ڕاو بۆچوونی ئەندامان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

١ـ دواكەوتنی گەیشتنی بودجە بۆ پەرلەمان مایەی نیگەرانی ئەندامانی لیژنەیە، چونكە كاریگەری سلبی دەبێ بۆ باری ئابوری و بژێوی خەڵك و دەبێتە مایەی دواكەوتنی پرۆژەكان بە شێوەیەكی گشتی.

٢ـ ئەمساڵ چاوەروان دەكرا كە ڕێژەی نفقاتی تشغیلی كەمتر بێتەوە لە چاو ساڵانی رابردوو، بەڵام زیادی كردووە كە ئەمەش خاڵێكی لاوازییە لە بودجەدا. وە پێویستە هەوڵ بدرێت ڕێژەی نفقاتی استثماری زیاد بكرێت.

٣ـ ئەمسالیش كورتهێنان (العجز المخطط) لە بودجەدا لە چاو ساڵانی پێشوو زیادی كردووە، كە چاوەڕوان دەكرا كەمتر بێتەوە.

٤ـ لە نفقاتی تشغیلی نزیكەی ١٤٪ بۆ بەشەكانی (المنافع الاجتماعیە، مصروفات اخری، موجودات غیر مالیە) دانراوە، كە ئەمەش لە ساڵی پار زیاترە و دەرگایەك دەكاتەوە بۆ گەندەڵی و بەهەدەردانی بودجەی گشتی.

٥ـ لە كاتی دابەش كردنی بودجەدا رەچاوی گرنگی رۆڵی وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی نەكراوە لە ڕووی خزمەتكردنی شوێنە ئایینیەكان و دابین كردنی میلاكی پێویست بۆی.

٦ـ لە بودجەی ساڵی ٢٠١٢ بەشە بودجە دانراوە بۆ ئەم دەزگایانەی كە تا ئێستاش كێشەی ئیداری و یاساییان ماوە و نازانرێت چۆن ئەم بودجەیە خەرج دەكەن. وەك (دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ، دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگە، دەزگای مین لە هەولێر و سلێمانی).

**پێشنیارو راسپاردەکان.**

١_ پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان جەخت بکاتەوە لە حکومەت بۆ ناردنی بودجە لە کاتی یاسایی خۆیدا، بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دوانەکەوێت.

٢_ لیژنەکەمان بە پێویستی دەزانێت کە سیستەمی صرف کردن بگۆردرێت بەوەی کە هەر وەزارەتێك ئازاد بێت و دەسەڵاتی هەبێت لە صرف کردنی ئەو برە پارەیەی بۆی تەرخان کراوە، بێ رۆتینیاتی دارایی. چونکە زۆر جار رێنماییەکان دەبنە کۆسپ لە پێش بەرێوە چونی پرۆژەکان.

٣_ جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمدا بە یاسا رێك بخرێت و دیاری بکرێت.

٤- سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێویستە زیاد بکرێت، چونکە پرۆژەی کەمیان بۆ دانراوەو زیاتر لە ١٠٠٠ مزگەوت و کەنیسە و شوێنی خواپەرستی بێ کارمەندن.

٥- پێویستە حکومەت کار بکات بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئیداری و یاسایی دەستە و فەرمانگەکانی (مافی مرۆڤ ، ژینگە ، مین) پێش تەرخانکردنی بودجە بۆیان.

٦- بەشی (المنافع الاجتماعیە) لە هەموو وەزارەتەکان لابدرێت تەنها لە وەزارەتی داراییدا بمێنێتەوە.

٧- پاش ئەوەی کە نوێنەری وەزارەتەکان لەگەل وەزارەتی دارایی و پلان دانان دادەنیشن بۆ تاوتوێکردنی بەشە بودجەی وەزارەت، بریار لەسەر رێژەیەك دەدرێت (متفق علیە) بەلام پاشان بێ رەزامەندی وەزارەتەکان دەستکاری ئەم برەی متفق دەکرێت.

٨- بەخشینی مزگەوت و شوێنەکانی خواپەرستی لە کرێی ئاوو کارەبا، چونکە وەزارەتی ئەوقاف نزیکەی (٢) ملیار دینار قەرزارە و ناتوانێت بیداتەوە.

٩- دوبارە چاو خشاندنەوە بە شێوازی بە کرێدان و وەبەرهێنانی مولکەکانی وقف لە وەزارەتی ئەوقاف.

١٠- دوبارە چاو خشاندنەوە بە پرۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی (پێشنیار کراو، بەردەوام، پەرەپێدانی پارێزگاکان) بۆ دابەش کردنیان بە پێی پێویست و ئەولویات و هاوسەنگی پارێزگاکانی کوردستان وە زیاد کرنیان.

١١- رەچاو کردنی بنەمای دادگەری هاونیشتیمانی بوون بۆ پێدانی پرۆژەو بودجەی گونجاو بە هاولاتیانی مەسیحی و ئیزیدی.

**لەگەڵ رێزماندا....**

***وێنەیەك بۆ:***

**لیژنەی دارایی و ئابوری.**